# رووداوەكانی ساڵی 2003
# لە
# (هاوڕێنامە بۆ مێژووی كوردستان و كورد)دا

هاوڕێ باخەوان

**بۆ گرنگترین رووداوەكانی مێژووی كوردستان و كورد**
**بڕوانە**
**كرۆنۆلۆژیای**
**هاوڕێنامە بۆ مێژووی كوردستان كورد**
**http://www.bakhawan.com**

**2003-01-00** بەبۆنەی ئەگەری جەنگی ئامریکا لە دژی ئێراق, تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵی قوتابخانەکان لە هەرێمی باشووری کوردستاندا بۆ دوو هەفتە پێشخرا. 7476

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-01-00** هاتنەخوارەوەی نرخی دۆلار بەشێوەیەکی بەرچاو لە باشووری کوردستاندا, ئەمە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی دیناری ئێراقی. شایانی باسە هۆی ئەم بەرزبوونەوەیە چوونەدەرەوە و بردنەدەرەوەی دیناری ئێراقییە بۆ ئێران و تورکیا. ئەمەش کاری کردووەتە سەر ناجێگیریی بازاڕەکانی باشووری کوردستان و گرانبوونی شمەك. 7478

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-01-06** کۆچی دوایی هونەرمەندی شێوەکاری کورد و جیهانی عەزیز سەلیم, نێوبراو خاوەنی سەدان تابلۆ و نزیکەی 40 پیشانگای تایبەتی و دەیانی هاوبەش بوو. 7472

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-01-08** کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی مەدەنی لە فڕۆکەخانەی دیاربەکر بەهۆی خراپیی کەشەوە, لەم فڕۆکەیەدا دەیان کەس مردن و تەنها 6 کەس بە برینداری دەرچوون. 7471

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-01-14** پۆلیسی هۆڵەندی مەلا کرێکاری ئازاد کرد, بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواوی پەیوەندیی بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە. 7475

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-01-15** بەستنی کۆبوونەوەی 12هەمی پەرلەمانی باشووری کوردستان. لەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆکایەتیی پەرلەمان گواسترایەوە بۆ د. کەمال فوئاد بەپێی ڕێکەوتنەکەی پیرمام. پێش ئەمڕۆ د. ڕۆژ نوری شاوەیس بۆ ماوەی 2 مانگ سەرۆکی پەرلەمان بوو. 7477

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-00** ئەمساڵ تەنها لە هەرێمی باشووری کوردستاندا 2700 کەس چوون بۆ عەرەبستانی سعودی بۆ حەج. 7484

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-00** سەرباری تێکچوونی باری ناوخۆیی عێراق بەهۆی ئەگەری جەنگەوە، ڕژێم هەر بەردەوامە لە سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری. 7488

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-00** سەرەتای ئەم مانگە: خنکانی 30 پەنابەری کورد لە دەریای سپیی ناوەڕاستدا. 7490

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-00** کوردەکانی هەندەران چەندین خۆپیشاندانیان لە دژی تورک لە زۆربەی شارەکانی ئەورووپا ڕێکخست. **7503**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2003-02-00** هەرێمی زیوریخ لە سویسرا ناوەندێکی ڕۆشنبیریی بۆ کوردەکانی ئەوێ کردەوە. **7489**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2003-02-00** ئەم مانگە: بەهۆی ترسی جەنگەوە کۆمەڵێك خێزانی عەرەب هاتنە کوردستانەوە. **7499**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-00** لەم مانگەدا: نزیکەی 300 ڕۆژنامەوانی بێگانە لە باشووری کوردستاندا بووە, بۆ گواستنەوەی دەنگوباسەکان. **7548**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: بەپێی هەندێك سەرچاوە هەزاران چەکداری سوپای بەدر هاتوونەتە باشووری کوردستانەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی ینك. **7491**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-03** کۆبوونەوەی دەستە 6 لایەنییە سەرەکییەکەی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی لە بارەگای لقی 6ی پارتی لە دیانا بەئامادەیی جەلال تاڵەبانی, مەسعود بارزانی, چەلەبی و حەسەن نەقیب. ئەم کۆبوونەوەیە لە میدیای هیچ لایەکیاندا باسنەکرا. **7479**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2003-02-05** کۆبوونەوەی وەفدی ینك بەسەرۆکایەتیی جەلال تاڵەبانی و وەفدی پارتی بەسەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی لە ئەنکەرە لەگەڵ نوێنەرانی تورك و ئامریکی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر گۆرانکارییەکانی پاشەرۆژ. **7482**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-08** کوژرانی شەوکەتی حاجی موشیر بە پلان لەلایەن ئیسلامییەکانەوە لە گوندی گامێش تەپەی شارەزوور لەگەڵ دوو پم تردا بە ناوی حیکمەتی حاجی عوسمان و سەردار غەفوور. نێوبراو بەشداریی شۆرشی ئەیلوولی کردووە و یەکێك بوو لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان و ئەندامی سەرکردایەتیی ینك بوو. **7481**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-12** کردنەوەی بارەگای ینك لە هەولێر. **7483**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-12** گیرانی چەند کەسێکی تورکمانی سەربە بەرەی تورکمانی لە هەولێر بەتاوانی تیرۆر، ئەمانە چەندین کەرەستەی تەقینەوەیان پێگیرا. لێپرسراوی ئەمانە کە ناوی عەبدولئەمیر عیززەتە لەناو گیراوەکاندایە. **7485**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-15** دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان پکك و تورك. **7487**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-16** کردنەوەی بارەگای پارتی لە سلێمانی. **7486**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-19** ئەمرۆ دەبووایە لە هەولێر کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی ببەسترایە, بەڵام دواخرا. **7492**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-22** کوردەکانی سوید و پارتە کوردستانییەکان خۆپیشاندانێکیان لە دژی دیکتاتۆر سەددام لە ستۆکهۆڵم ئەنجامدا، لە خۆپیشاندانەکەدا د. شەفیق قەزاز و نوێنەری هەندێك پارتی سویدی وتاریان پێشکەش کرد. **7495**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-23** سوپای داگیرکەری تورك بە 150 تانکەوە بەرەو باشووری کوردستان بەڕێکەوت. ئەم خۆئامادەکردنەی تورك بووە هۆی ناڕەزایی هەموو کورد. **7493**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-23** لە بارەگای یەندەك YNDK لە هەولێر 23 پارتی کوردستانی و عێراقی کۆبوونەوە و بەیاننامەیەکی ناڕەزاییان لە دژی هاتنە ناوەوەی سوپای تورك بۆ باشووری کوردستان دەربڕی. **7494**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-25** تەقینەوەی بیرە نەوتێك لە ناوچەی شۆریجەی شاری کەرکوك. **7500**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-25** پەرلەمانی باشووری کوردستان داوای لە ئامریکا و وڵاتانی تر کرد تاوەکو نەهێڵن سوپای تورك بێتە کوردستانەوە. **7497**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-26** بەستنی کۆنگرەی سێیەمی مافناسانی کوردستان لە سلێمانی. **7501**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-26** بەستنی کۆبوونەوەکانی لیژنەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی ئۆپۆزیسۆنی ئێڕاقی لە پیرمام. **7496**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-02-26** تیرۆریستێکی ئیسلامی لە کۆنترۆڵی زەمەقی خۆیی تەقاندەوە و بووە هۆی کوژران و بریندار‌بوونی 3 کەس کە یەکێکیان ئاسایشی ینك بوو. **7502**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-02-28** دوا ڕۆژی کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسۆنی ئێڕاقی لە پیرمام, ئەمڕۆ دەبووایە بەیانی کۆتایی کۆبوونەوەکان دەربچووایە بەڵام دواخرا بۆ سبەینێ. **7504**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** پارتی و یەکێتی ئەو کەسانەیان گرت کە لە خۆپیشاندانەکانی دژی تورکیادا ئاڵای تورکیان سووتاندبوو. **7512**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** بەپێی هەندێك هەواڵ داگیرکەری ئێران ڕێژەیەکی زۆری مادەی کیمیاویی کردوەتە بەستی سنەوە و ژینگەی ئەو ناوەی پیسکردووە. **7534**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2003-03-00** ژمارەیەکی زۆری گوندە بەعەرەبکراوەکانی ناوچەی مەخموور لەلایەن عەرەبەکانەوە لەترسا چۆڵکران. ئەمانە هەندێك ناوی ئەو گوندانەیە: کاریتان, سۆفی سمایل, دێمەکار, بیرەبات, سەربەشاخ, خدرجیجە, دارەخورما, جیخلۆك و حەسەن بلباس. **7590**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: هەواڵنامەی میدیا – 27-03-2003

**2003-03-00** د.ق دیکومێنتە گرنگەکانی لە هەردوو شاری کەرکوك و موسڵ گواستەوە بۆ بەغداد. **7591**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** د.ق جاشە کوردەکانی ناو شاری موسڵی چەککرد. **7589**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: هەواڵنامەی میدیا – 27-03-2003

**2003-03-00** د.ق شێخ نەسرەدین بەرپرسی لقی کەرکوکی حیزبی کارتۆنیی پارتی دیموکراتی کوردستانی لەگەڵ ژمارەیەك چەکداردا گواستەوە شاری موسڵ. **7586**

سەرچاوەی 1: بەیان و بڵاوکراوەی کوردی: هەواڵنامەی میدیا – 27-03-2003

**2003-03-00** دروستبوونی ناڕەزاییەکی زۆر لەلایەن خەڵکی کوردەوە بەرامبەر بە میدیای عەرەبی, چونکە دەنگوباسەکان دەشێوێنن و پاڵپشتی داگیرکەری ئێڕاقی دەکەن. **7559**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** دیارنەمانی نزار خەزرەجی لە دانیمارك و كەس نازانێت چیی بەسەرهاتووە, هەندێك سەرچاوە دەڵێن لەگەڵ هێزەكانی ئامریكادایە. **7553**

سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** ئەم مانگە: پەیوەندیكردنی جەوهەر ئاغای هەركی بە هێزەكانی پارتییەوە. **7532**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

**2003-03-00** نزیكەی 40 ئەندامی پەرلەمانی سوید و ئەورووپی یاداشتێكیان دایە تورك تاوەكو هێزەكانی نەنێرێتە باشووری كوردستانەوە. **7524**

سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** د.ق لە كەركوك ژمارەیەكی زۆری لاوە كوردەكانی گرت, بەهۆی ئەو بارودۆخەوە هەندێك لە خێزانە كوردەكان كەركوكیان بەجێهێشت و ڕوویانكردە ناوچە ئازادكراوەكانی هەرێم. **7522**

سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** ڕوودانی دوو تەقینەوە لە شاری كەركوك. **7521**

سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** پارتی هێزەكانی خۆی لەدژی تورك مۆڵدا. **7513**

سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-03-00** هونەرمەند ناسر فەیزوڵڵابەگی لە یادی كارەساتەكەی هەڵەبجەدا پێشانگایەكی لە سەقز كردەوە و پاشان وەك نارەزاییەك بۆ كارەساتەكەی هەڵەبجە تابلۆكانی خۆیی سوتاند كە ژمارەیان 80 دانە بوو. **7515**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

**2003-03-00** بەپێی دەنگوباسەكان د.ق تەواوی بیرە نەوتەكانی كەركوكی مینرێژ كردووە، تاوەكو لە كاتی هەر هێرشێكی ئامریكادا بیانتەقێنێتەوە. **7514**

سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-03-01** ڕوودانی خۆپیشاندانێك لە شاری سلێمانی لەدژی هاتنەناوەوەی سوپای تورك بۆ باشووری كوردستان, لەم خۆپیشاندانەدا ئاڵای تورك سووتێندرا. **7516**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری كوردی: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندنی كوردی

**2003-03-02** پاش زنجیرەیەك كۆبوونەوەی نێوان ینك و پارتی، سەركردایەتییەكی هاوبەش بۆ باشووری كوردستان پێكهێنرا كە پێكهاتووە لە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی و هەنێك لە ئەندامانی سەركردایەتیی هەردوولا. **7509**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-03** نزیکەی یەك ملیۆن لە شاری هەولێر خۆپیشاندانێکیان دژی هاتنە ناوەوەی تورك سازدا، شایانی باسە ئەمە گەورەترین خۆپیشاندانە لە مێژووی کوردستاندا تاوەکو ئێستا. **7505**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-04** نیوەشەو: تەقاندنەوەی بارەگای پارتی لە ئەنکەرە لەلایەن تورکەوە. **7518**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-04** هێزەکانی ینك بەهەڵە تەقە لە ئوتومبیلێکی کۆمەڵەی ئیسلامی دەکەن و 5یان دەکوژن، لەنێو کوژراوەکاندا ئەندامێکی بەرزی ئیسلامییەکانی تێدایە. ینك بەفەرمی داوای لێبووردنی لە ئیسلامییەکان کرد. **7511**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك

**2003-03-04** دەیان هەزاران کەس لە هەردوو شاری دیانا و ئاکرێ خۆپیشاندانێکیان دژی هاتنەناوەوەی سوپای تورك سازکرد. **7506**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-03-05** کۆبوونەوەی 21 ڕێکخراوی خوێندکاران لە سلێمانی بۆ پێکهێنانی فیدراسیۆنی خوێندکارانی کوردستان. **7510**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2003-03-05** زۆرتر لە 20 خوێندکاری زانکۆ بە ڕابەرایەتیی مامۆستا فەرهاد پیرباڵ لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل خۆیان ڕووتکردەوە وەك نارەزاییەك بەرامبەر دەستتێوەردانەکانی تورکیا لە باشووری کوردستاندا. **7508**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2003-03-05** زۆرتر لە سەد هونەرمەندی کورد لە بەیانێکدا نارەزاییی خۆیان بەرامبەر دەستتێوەردانەکانی تورکیا لە باشووری کوردستاندا دەربری. **7507**

سەرچاوەی 1: تەلەڤزیۆنی کوردی: تەلەڤزیۆنی پدك TV Kurdistan

**2003-03-13** ڕوودانی تەقینەوەیەك لە گەڕەکی زەرگەتەی سلێمانی کە بووە هۆی زیانی ماڵی بەچەند ماڵێك. **7529**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-13** دادگای تورك پارتی هەدەپی قەدەغەکرد و تەواوی موڵکەکانیشی دەستبەسەرداگرت. **7517**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-14** پیاوانی ئایینیی کوردستان لە ئیبراهیم خەلیل خۆپیشاندانێکیان لە دژی هاتنەناوەوەی تورک ڕێکخست. **7520**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-15** بەبۆنەی یادی کارەساتەکەی هەڵەبجەوە هونەرمەند ئیسماعیل خەیات پێشانگایەکی تایبەتیی لە هوتێلی سلێمانی پالاس کردەوە. **7525**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك

**2003-03-15** گێڕانی ئاهەنگی نەورۆز لە بەرلین لەلایەن شڤان پەروەرەوە, ئەم ئاهەنگە لەلایەن 30 تا 40 کەسی سەربە پکك تێکدرا و شڤان پەروەریش ڕایگەیاند کە ئەو فاشییە ئاپۆچییانە هێرشیان کردووەتە سەر من. **7528**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-03-15** بەهۆی یادی کارەساتی هەڵەبجەوە لە ژمارەیەکی زۆری شارەکانی ئەوروپا, خۆپیشاندان و یادەوەری ڕێکخرا. **7526**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-15** جۆرج بوشی سەرۆکی ئامریکا لەگەڵ 3 کوردا کۆبووەوە کە کەسوکاریان لە شاری هەڵەبجەدا بە گازی کیمیاوی کوژرابوون. **7527**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-16** سەرۆکی ئامریکا جۆرج بووش تورکیای ئاگادارکردەوە کە بەهیچ جۆرێك و یەك لایەنانە هێزەکانی نەنێرێتە باشووری کوردستان. **7530**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-16** ڕوودانی بومەلەرزەیەك لە کوردستان کە هێزەکەی 4.8 بوو بەپێی پێوەری ڕێختەر. ئەم بومەلەرزەیە لە شەمزینانەوە تا پیرمام هەستی پێکرا. **7535**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-03-17** بەهۆی ئەگەری نزیکبوونەوەی شەڕەوە خەڵکی کورد لە باشووری کوردستان کۆچ و ڕەویان بۆ دەرەوەی شارە گەورەکان دەسپێکرد و باری ناوخۆ بەتەواوەتی نائارام بووە. **7531**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-18** کۆمەڵێك خۆپیشاندەرانی تورك لە ئەنکەرە هێرشیانکردە سەر جەلال تاڵەبانی. **7533**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-19** بەهۆی نزیکبوونەوەی ئەگەری شەڕەوە حکوومەتی باشووری کوردستان بڕیاری باری نائاسایی دەرکرد. **7536**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-20** گیرانی مەلا کرێکار لەلایەن پۆلیسی نەرویژییەوە, نێوبراو ماوەیەك لەمەوبەر لەسەر ئنتەرنێت جیهادی لەدژی سوپای ئامریکی ڕاگەیاند. **7545**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-20** دەسپێکردنی شەڕی ئامریکا و داگیرکەری عێراق، جەنگی کەنداوی سێیەم. **7537**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-20** لوتکەی ئەورووپی لە برۆکسڵ بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ئێراقەوە کۆبووەوە و ڕایگەیاند کە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە لە باشووری کوردستاندا. **7546**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-20** پارتی و یەکێتی هێزەکانی خۆیانیان خستە ژێر دەستەڵاتی ئامریکاوە بۆ لێدانی ئێراق. **7552**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-20** وەزیری دەرەوەی سوید خاتوو ئەنا لیند لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕایگەیاند: کە کاتی ئەوە هاتوو گفتوگۆ لەسەر ئاسایشی باکووری ئێراق بکرێت و داوای کرد کە پاراستن و یارمەتیی کورد لە هەموو بارودۆخێکدا لەبەرچاو بگیرێت و ون نەکرێت. **7576**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-21** نەورۆزی بێدەنگی. بەهۆی جەنگی سێیەمی کەنداوەوە لە باشووری کوردستاندا هیچ ئاهەنگێکی ئەوتۆ بەهۆی نەورۆزەوە نەگێڕدرا. **7547**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-21** بەهۆی ڕێپێنەدانی تورکیا بۆ بەکارهێنانی زەوی و ئاسمانی تورکیا بۆ هێرشکردنە سەر ئێراق, ساردییەکی دیپلۆماسیی زۆر کەوتە نێوان داگیرکەری تورك و ئامریکاوە. **7549**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-22** ئەنسارولئیسلام ئوتومبیلێکی مینکراویان لە بازگەی گردی گۆ تەقاندەوە و بووە هۆی کوژرانی ڕۆژنامەنووسێکی ئۆسترالی بەناوی پۆل موران و دوو پم و بریندارکردنی چەند کەسێکی تر. ئەم ڕووداوە لەلایەن گەنجێکی سعودییەوە بەناوی عەبدولعەزیز سعود ئەلغەرییەوە ئەنجامدرا و خۆشی کە تەمەنی 22 ساڵ بوو لە هێرشەکەدا کوژرا. **7551**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-22** کاتژمێر 0.15 و 7.00ی بەیانی هێزەکانی ئامریکا لە دەریای سوورەوە بنکەکانی ئەنسارولئیسلام و کۆمەڵەی ئیسلامییان لە هەورامان ڕۆکێت بارانکرد. بەپێی هەواڵەکانی ینك ڕۆکێتەکان لە جۆری تۆما هوك بوون و ژمارەیان لە 100 دانە زۆرتر بووە و دەیان کوژراو و بریندارێش لە ئیسلامییەکان هەن. **7550**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-22** ئەڵمانیا ڕایگەیاند: ئەگەر هێزەکانی تورك بچنە باشووری کوردستانەوە ئەوا هەموو هێزەکانی خۆی لە تورکیا دەکێشێتەوە. ئەو هێزانە بەشێکن لە هێزە هاوبەشەکانی ناتۆ لە تورکیا. **7555**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-22** هێرشی ینك بە پاڵپشتی ئامریکا بۆسەر ئەنسارولئیسلام لە هەورامان, لە ئەنجامدا هەورامان ڕزگارکرا و ئەنسارولئیسلام ژمارەیەکی زۆر کوژراو و دیل و بریندارێدا و 25 کەسیش لە ینك کوژرا. **7556**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-22** سەرچاوە عەرەبییەکان ڕایانگەیاند کە چەند هێزێکی تورك هاتووەتە باشووری کوردستانەوە, بەڵام هوشیار زێباری لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە هیچ هێزێکی تورکی سنووری نەبەزاندووە. **7554**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-23** گەیشتنی 6 کۆپتەری ئامریکی بۆ فڕۆکەخانەی هەریر بۆ خۆئامادەکردنی کردنەوەی بەرەی موسڵ و کەرکوك. **7570**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-23** گیرانی چەندین کورد و تورکمان لە شاری کەرکوك بەمەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵکی, هەندێك سەرچاوە دەڵێن هەندێك لەو گیراوانە لەسێدارەدراون. **7571**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-23** فوئاد مەعسوم لەسەر کەناڵی جەزیرە دانی بەوەدانا کە هێزێکی ئامریکی و چەند کۆپتەرێك گەیشتوونەتە ناوچەی بەکرەجۆ لە سلێمانی. **7557**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-24** دامەزراندنی لیژنەی ڕێکخستن و پەیوەندی لە نێوان هێزەکانی ئامریکا و پدك و ینك لە باشووری کوردستان. **7558**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-24** زۆربەی عەرەبەکانی ناوچەی مەخموور گوندە کوردییەکانیان چۆڵکرد و گەڕانەوە بۆ باشووری ئێراق. **7573**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-24** تۆنی بلێری سەرەك وەزیرانی بەریتانیا لەبەردەم پەڕلەماندا ڕایگەیاند کە دژی چوونە ناوەوەی سوپای تورکە بۆ کوردستان و ئەوەشی دڵنیاکرد کە دەستکەوتەکانی کورد دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام دەپارێزن. **7574**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-24** بۆمبارانکردنی چیای قەرەچووغ لەلایەن د.ق. **7575**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-24** بۆدوومانکردنی قەڵای عەوێنە لەلایەن هاوپەیمانانەوە, ئەم قەڵایە پێگەیەکی د.ق بوو و لەوێوە هێرش دەکرایە سەر جووتیارانی کورد, بەڵام پێگەکە تێکشکێنرا. **7572**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-03-26** د.ق 8 مەڕداری کوردی لە گوندی ئاودەلۆکی ناوچەی دیبەگە سەرەونگونکرد. **7585**
سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: هەواڵنامەی میدیا – 27-03-2003

**2003-03-26** ئەمنی مەخموور 4 بەرپرسی حیزبی کارتۆنیی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەستگیرکرد. **7587**
سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: هەواڵنامەی میدیا – 27-03-2003

**2003-03-26** د.ق چیای قەرەچووغ و ناوچەکانی مەخمووری تۆپبارانکرد. **7588**
سەرچاوەی 1: بەیان و بلاوکراوەی کوردی: هەواڵنامەی میدیا – 27-03-2003

**2003-03-28** فڕاندنی فڕۆکەیەکی تورك بۆ یۆنان کە چەند لێپرسراوێکی تورکی تێدابوو. **7540**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** لەم مانگەدا: بۆ یەکەمجار یەکێتی و پارتی ڕۆژنامەی الاتحاد و برایەتییان بەتیراژێکی زۆر و بەخۆڕایی لە بەغداد بڵاوکردەوە. **7615**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** کۆتایی ئەم مانگە: دۆزینەوەی 7 گۆڕی بەکۆمەڵ لە نزیك سەربازگەی تۆبزاوای کەرکوك کە نزیکەی دوو هەزار گۆڕی ئەنفالکراوی تێدایە. **7631**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** لەم مانگەدا: پارت و ڕێکخراوە تورکمانییەکان لە شاری کەرکوکدا بنکەیان دامەزراند و دروشمی "کەرکوك شارێکی تورکمانییە و بۆ هەتا هەتا هەر بە تورکمانی دەمێنێتەوە"یان بەئاشکرا هەڵواسی. **7616**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** گیرانی کۆمەڵێك کۆماندۆزی تورك لە ناو شاری کەرکوکدا لەلایەن هێزەکانی ئامریکاوە, ئەمانە لە تورکیاوە دزەیانکردبووە ناو شاری کەرکوکەوە و لەلایەن ئامریکییەکانەوە کرانەوە ئەو دیوی ئیبراهیم خەلیل. **7629**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** گیرانی کۆمەڵێك چەك و تەقەمەنیی لەناو ئەو ئوتومبیلانەی کە مانگی سووری تورك بۆ تورکمانەکانی کەرکوکی ناردبوو. **7630**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** ئەم مانگە: بەهۆی ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە هەندێك دز و جەردە مۆزەخانەکانی بەغداد و موسڵیان تاڵانکرد, لەو مۆزەخانانەدا کۆمەڵێك کەرەستەی زۆر کۆنی کوردستانی تێدابوون کە ئەوانیش بەر ئەو تاڵانییە کەوتن و نازانرێن لەکوێن. **7613**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** دۆزینەوەی گۆڕی هونەرمەند قادر کابان و تێکۆشەر جەباری حاجی ڕەشید و هەندێك کەسایەتیی تری کورد لە زیندانەکانی د.ق. **7661**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-00** ناوەڕاستی ئەم مانگە: تاوانبار شێخ جەعفەر بەرزنجی خۆیی دایە دەست هێزەکانی پارتییەوە, نێوبراو بە شێخ چۆپی بەناوبانگە و لە ساڵانی هەشتاکاندا پارێزەری شاری سلێمانی بوو و هەر لەو ساڵانەشدا لە کاتێکدا کە ڕۆڵەی کورد بەبەرچاوی ئاپۆڕای خەڵکییەوە گوللە باران دەکران ئەو چەپڵەی لێدەدا و بە عەرەبی دەیگووت بژی دادپەروەری. **7610**

**2003-04-00** بەهۆی ڕاکردنی هەندێك لە سەرانی بەعسەوە بۆ سووریا, ئامریکا هەڕەشەی لە داگیرکەری سووری کرد, تاوەکو ئەوانەی بۆ سووریا ڕایانکردووە بیانداتە دەست ئامریکا تاوەکو سزا بدرێن. **7601**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-01** چوونی کۆڵن پاوڵ بۆ تورکیا, تاوەکو تورکیا بەوە ڕازی بکات هێزەکانی نەنێرێتە باشووری کوردستانەوە. **7543**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-02** کوژرانی کامێراوانێکی تەلەڤزیۆنی BBC بە مین لە دەوروبەری کفری. **7562**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-02** لە ئەنجامی سەردانەکەی کۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوەی ئامریکا بۆ تورکیا, تورکیا ڕایگەیاند کە بەهیچ جۆرێك هێزەکانی نانێرێتە باشووری کوردستانەوە و تەنها یارمەتیی هێزەکانی ئامریکا دەدات لە گواستنەوە و هەندێك شتی تردا. **7544**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-02** پاشەکشەکردنی هێزەکانی داگیرکەری ئێراقی لە ناوچەی گوێڕ و هێزی پێشمەرگە شوێنەکانی گرتنەوە. **7539**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-02** دیکتاتۆر سەددام حسێن داوای لە کورد کرد یارمەتیی سوپای ئامریکی نەدەن. **7538**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-03** د.ق شارەدێی کەڵەك و ناوچەکانی دەوروبەریی بە تۆپی قورس تۆپبارانکرد. **7560**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-03** سەرۆکی ئامریکی جۆرج بوش لە وتارێکیدا لەبەردەم هەزاران سەربازی ئامریکی ڕایگەیاند: کە هێزەکانیان لە باکووری ئێراقەوە بەیارمەتی هێزە کوردییەکان ئامادەی هێرشن بۆسەر بەغداد. **7561**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-05** ڕوودانی چەند پێکدادانێکی سووك لە نێوان داگیرکەری ئێراق و هێزی پم و ئامریکییەکان لە ناوچەی گوێر. **7566**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-05** تۆپبارانکردنی دەوروبەری دهۆك لەلایەن داگیرکەری ئێراقییەوە و بووە هۆی کوژرانی 1 کەس و برینداربوونی 5 کەسی تر. **7569**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-05** کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی داگیرکەری تورك و داگیرکەری ئێرانی لە تورکیا بەهۆی گۆڕانکارییەکانی باشووری کوردستانەوە. **7565**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-05** داگیرکەری تورك 3 دیپلۆماتی داگیرکەری عێراقیی دەرکرد. **7564**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-06** بەپێی سەرچاوە خۆرئاواییەکان تەرمی عەلی کیمیاوی و پاسەوانەکانی لەلایەن هاوپەیمانانەوە دۆزراوەتەوە, نێوبراو ئامۆزای دیکتاتۆر سەددام و یەکێکە لە تاوانبارانی جەنگی جینۆساید بەرامبەر بە کورد. **7567**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-06** دوو فرۆکەی ئامریکی بەهەڵە هێزەکانی پێشمەرگە و کۆماندۆی ئامریکیی لە بەرەی موسڵ بۆردومانکرد. ئەم هەڵەیە بووە هۆی کوژرانی 18 پم و بریندارکردنی 45ی تر, هەروەها سەرچاوەکان دەڵێن کە 4 سەربازی ئامریکیش کوژراون و هەندێکیشیان بریندار. لە ناو بریندارە کوردەکاندا یەکێکیان وەجیه بارزانیی برای مەسعود بارزانییە و بە فرۆکەی ئامریکی گەیەندرایە ئەڵمانیا. **7563**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-06** ڕزگارکردنی دومیز و عەین سوفنی لەلایەن هێزی پم و ئامریکییەکانەوە. **7568**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-07** ڕزگارکردنی شارەدێی دیبەگە. **7577**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-07** هێزەکانی هاوپەیمانان چونە ناو شاری بەغداوە و چەند کۆشکێکی دیکتاتۆر سەددام حسێنیان کۆنترۆڵکرد. **7578**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-07** د.ت دیسانەوە ناڕەزایی خۆیی بەرامبەر ئامریکا دەربڕی دەربارەی بەرەوپێشچوونی هێزەکانی کورد بەرەو موسڵ و کەرکوك. **7580**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-08** ڕزگارکردنی چیای مەقلوب, ئەم چیایە چیایەکی ستراتیژییە و بەدەروازەی شاری موسڵ دادەنرێت. **7582**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-09** کەوتنی بەغداد و ڕژێمی داگیرکەری بەعس. **7583**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-09** بەبۆنەی کەوتنی بەغدادەوە لە شارەکانی باشووری کوردستاندا دەستکرا بە خۆپیشاندان و ئاهەنگگێڕان. **7584**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-09** دامەزراندنی کۆمەڵەی زیندانییە ئازادەکان لە بەغداد بۆ پاراستنی ئەو دێکومێنتانەی کە لە زیندانەکانی ئێڕاقدا دەدۆزرێنەوە. **7659**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-10** بەبۆنەی ڕزگارکردنی شاری کەرکوکەوە تورکیا ناڕەزایی خۆیی دەربڕی و ڕایگەیاند کە نابێت هێزی پێشمەرگەی کورد لە کەرکوکدا بمێنێتەوە. **7593**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-10** جۆرج بوشی سەرۆکی ئامریکا و تۆنی بلێری سەرەك وەزیرانی بەریتانیا پەیامێکیان ئاڕاستەی گەلانی ئێڕاق کرد بەبۆنەی ڕووخانی سەددامەوە, لەو پەیامەدا بەڵێنی ژیانێکی ئازادیان بە کوردی بندەستی ئێڕاقدا. **7595**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-10** وتەبێژێکی فەڕمیی ینك ڕایگەیاند کە ئەو 10 هەزار پێشمەرگەیەی کە ئەمڕۆ چوونە ناو شاری کەرکوکەوە, سبەینێ ڕۆژی 11-04 پاشەکشێ دەکەن. **7596**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-10** بەهۆی ڕزگاربوونی شاری کەرکوکەوە, هەندێك لەو کوردانەی کە لە کەرکوك دەرکرابوون و نیشتەجێی هەولێر و سلێمانی بوون گەڕانەوە بۆ زێدی بابوباپیرانیان. هەربۆیە عەبدوڵڵا گیولی وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند کە تورك ڕازینابێت بە گۆڕینی باری دیمۆگرافیی کەرکوك. **7597**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-10** ڕزگارکردنی شار و شارۆچکە و شارەدێیەکانی کەرکوك, خانەقین, مەخموور, بەعشیقە, قەراج, کەندیناوە, پردێ, جەلەولا, توزخورماتوو, دووبز و گوێر. **7592**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-11** ڕزگارکردنی شاری موسڵ. **7594**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-11** تورکیا بڕیاریدا 15 چاودێر بنێرێتە باشووری کوردستانەوە, بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە پاش ڕووخانی بەغداد ڕزگارکران. **7598**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-12** وتەبێژێکی ینك ڕایگەیاند کە هێزەکانی پێشمەرگە دەستیانکردووە بە پاشەکشێ لە شاری کەرکوك. **7599**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-12** پێكهێنانی لیژنەیەكی مەدەنی بۆ بەڕێوەبردنی شاری كەركوك, ئەم لیژنەیە لە چەند كەسێكی كورد, عەرەب و توركمان پێكهاتبوو. **7600**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-12** ڕوودانی پشێوییەك لە شاری موسڵ لە نێوان كورد و عەرەبدا كە بووە هۆی كوژران و برینداربوونی خەڵكێكی زۆر لە هەردوولا. **7602**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-13** هەندێك لە هێزەكانی پێشمەرگە چوونە ناوچەكانی دەوروبەری شاری تكریتەوە. **7605**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-13** گیرانی وەتبان ئیبراهیم حەسەنی برای دیكتاتۆر سەددام لە ناوچەی موسڵ لەلایەن هێزەكانی پارتی و ئامریكاوە. **7603**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-13** جۆرج بوشی سەرۆكی ئامریكا هەڕەشەی لە داگیركەری سووریا كرد بەوەی چەكی فرەكوژ و كیمیاویی هەیە. **7604**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-13** توركمانەكانی كەركوك خۆپیشاندانێكیان ڕێكخست, لەو خۆپیشاندانەدا داوای هاتنی سوپای توركیان كرد و دەستیان وەك هێمای گوگەربۆر بەرزكردەوە, كە هێمای پارتێكی توركیی شۆڤێنییە بەناوی مێ هێ پێ. **7617**

**2003-04-15** كۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی لە شاری ناسرییە كە پارتی و یەكێتیش بەشداربوون. كۆبوونەوەكە بۆ 10 ڕۆژی تر دواخرا. **7606**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-16** دۆزینەوەی گۆڕێكی بەكۆمەڵ لە ناوچەی كەركوك كە نزیكەی 2 هەزار كوردی تێدا نێژراوە, چاودێران دەڵێن ئەوانە ئەو كوردانەن كە لە كۆتایی هەشتاكاندا لەلایەن داگیركەری ئێراقییەوە ئەنفالكراون. **7608**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-17** گیرانی تاوانبار بەرزان تكریتیی برای دیكتاتۆر سەددام حسێن لە بەغداد لەلایەن ئامریكاوە, تاوانبار یەكێكە لەوانەی كە تاوانبارە بەرامبەر كۆمەڵكوژیی كورد. **7607**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-17** وەزیری دەرەوەی داگیرکەری سووریا فاروق ئەلشەرع ڕایگەیاند کە سووریا بەهیچ جۆرێك ئامادە نییە بپشكنرێت بۆ چەكی كیمیاویی و فرەكوژ. **7609**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-18** مەسعود بارزانی یاداشتنامەیەكی ئاڕاستەی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان و پارتە ئێراقییەكان كرد بۆ یارمەتی و گرنگیدان بۆ دۆزینەوە یان نهێنی هەڵماڵینی ئەو هەزاران كوردەی كە لە ئەنفالی بەدناودا بزربوون. **7619**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-18** دۆزینەوەی گۆڕێكی بەكۆمەڵی تر لەنێوان كەركوك و سلێمانی كە سەدان كوژراوی تێدایە. **7611**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-20** پەڕلەمانی باشووری كوردستان كۆتایی بەباری نائاساییی باشووری كوردستان هێنا. **7612**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-20** پارتی نزیكەی 750 دیلی سوپای داگیركەری ئێراقی ئازاد كرد, ئەو دیلانە كامپێكیان لە ناوچەی ئەشكەوتانی دیانا بۆ تەرخانكرابوو. **7614**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-22** سەردانی جیێ. گارنەری سەرۆكی دەستەڵاتی مەدەنی لە ئێراق بۆ باشووری كوردستان, نێوبراو لە هاوینەهەواری دوكان چاوی بە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی كەوت و هەروەها سەردانی زانكۆی سلێمانیی كرد و وتارێكی بۆ خوێندكاران و مامۆستایانی ئەو زانكۆیەدا و ڕای گەلێك باشی بۆ ئەزموونی كورد دەربڕی. **7618**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-22** دۆزینەوەی گۆڕستانێكی بەكۆمەڵ لە شاری بەغداد كە گۆڕی 1000 كەسی تێدایە, ئەمانە گۆڕی ئەو كەسانەیە كە لەلایەن د.ق بەبێ دادگایی لەسێدارە دراون و چاودێرەكان واڕادەگەیەنن كە نیوەی زۆرتری ئەو گۆڕانە كوردن. گۆڕەكان ناویان لەسەر نییە و تەنها ژمارە لەلای كێلەكانیانەوە دانراوە. **7620**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-23** سەردانی جیێ. گارنەر بۆ هەولێر و لە پەڕلەمانی باشووری كوردستاندا وتارێكی بۆ پەڕلەمانتاران خوێندەوە و پاشان چوو بۆ شاری موسڵ. **7624**
سەرچاوەی 1: تەواوی كەناڵەكانی ڕاگەیاندن

**2003-04-27** ڕووداني پێکدادانێك له نێوان هێزەکانی پکك و د.ت و بووە هۆی کوژراني دوو تورك و بریندار‌بوونی دوواني تر. **7625**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-28** شاندێکی کۆنگرەی نیشتمانی کورد له ئامریکا KNC بەسەرۆکایەتیی پرۆفیسۆر ئەسعەد خەیلانی چاوی بە جۆرج بوشی سەرۆکی ئامریکا کەوت. **7636**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-28** بەستنی کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی له بەغداد بەسەرپەرشتیی ئامریکا, پارتی و یەکێتیش تێیدا بەشدارن. **7626**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-29** چوونی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بۆ بەغداد بۆ بەشداریکردن له کۆبوونەوەکانی لایەنە ئێراقییەکان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کاتیی ئێراقی. **7628**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-30** دادگای تاوانی سلێمانی فەرمانی گرتنی تاوانبار شێخ جەعفەری دەرکرد. **7642**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: هەواڵەکانی کوردستان لەسەر سایتی ینك

**2003-04-30** تەواوی هێزەکانی پارتی له موسڵ پاشەکشەیانکرد. **7635**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-04-30** دەرچوونی ژمارە 1ی هەفتەنامەی باسەڕە له کەرکوك. **7632**

**2003-05-00** بەهۆی تێکچوونی باری ناوخۆیی ئێراقەوە پەناهاندەکانی خۆرهەڵات له کەمپی ئاڵتاش بارودۆخی بژێوی و ئاسایشیان زۆر خراپ بووە و ژمارەیەکیشیان بەدەستی عەرەبەکانی ڕومادی کوژران. **7681**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-00** سەرەتای ئەم مانگە: سەرچاوەکان واڕادەگەیەنن کە سەددام نامەیەکی بۆ جەلال تاڵەبانی ناردبێت و داوای پاراستنی خێزانەکەیی لێکردبێت. **7646**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-00** سەرەتای ئەم مانگە: ڕووداني پشێوییەك له شارۆچکەی خالس له نزیك بەغدا له نێوان کورد و عەرەبدا و بووە هۆی کوژراني چەند کەسێك له هەردوولا. **7645**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-00** نەمانی خاڵە گومرگییەکانی نێوان سنوورەکانی پارتی و یەکێتی. **7644**

**2003-05-00** ئامریکییەکان لە کەرکوك زۆربەی پاڵێوراوە عەرەبەکانیان گرت، بەتاوانی ئەوەی کۆنە بەعسین و دەستیان هەبووە لە هێرشکردن بۆسەر هێزەکانی ئامریکا و کورد لە ڕۆژانی ڕابردوودا. **7672**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-00** ئەم مانگە: بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی سکچوونی منداڵان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە باشووری کوردستاندا. **7665**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-01** ڕوودانی بومەلەرزەیەك لە شاری بینگۆل و بووە هۆی کوژران و برینداربوونی سەدان کەس. بومەلەرزەکە خانەیەکی ناوخۆیی خوێندکارانی ڕووخاند کە نزیکەی 198 خوێندکاری تێدابوو. **7634**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-02** ڕزگارکردنی 5 خوێندکار لەو قوتابخانەیەی کە دوێنێ بە بوومەلەرزە لە شاری بینگۆلدا ڕووخا. **7638**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-02** بەهۆی فریاگوزاریی خراپی داگیرکەری تورکەوە بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەکەی شاری بینگۆل ڕاپەڕینێکی جەماوەریی لەم شارەدا ڕوویدا و پۆلیسی تورك کەوتە تەقەکردن لە ئاپۆڕای خەڵکی و دەیان کەس گیران. **7639**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-02** ئامریکا ڕایگەیاند کە تەها محێدین مەعروف گرتووە, نێوبراو ژمارە 46ی لیستە 55 کەسییەکەی ئامریکایە و بەڕەگەز کوردە و ساڵانێکیشە یاریدەدەری دیکتاتۆر سەددام حسەینە. **7637**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-03** دکتۆر بەرهەم ساڵح لە قاهیرە ڕایگەیاند کە کۆمەڵەی عەرەبی هەڵوێستی ئەرێنیی هەبووە بەرامبەر ڕژێمی سەددام و پێویستە ئەم کۆمەڵەیە داوای لێبوودن لە کورد و ئێراقییەکان بکات. **7640**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-04** سەردانی گارنەر بۆلای مەسعود بارزانی لە بەغداد, نێوبراو ڕایگەیاند کە ئێراقێکی دیموکراتی هەربە یارمەتی و بەشداریی کەسێکی وەك مەسعود بارزانی دەبێت. **7641**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-05** ڕووداني هەڵبژاردنێك لە شاری موسڵ بۆ بەڕێوەبردنی ئەو شارە, شایانی باسە هەرچەندە موسڵ شارێکی کوردستانییە کەچی ژمارەی کورد لە دەستەی بەڕێوەبەرێتیی نوێدا گەلێك کەمن و عەرەبەکان زۆرینەن. 7643

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-06** لەسەر بانگهێشتنی زانکۆی بیلەفێلدی ئەڵمانی مامۆستا جەمال نەبەز سەمینارێك لەسەر ئێراقی پاش سەددام و دەوروبەری پێشکەش دەکات. 7627

**2003-05-08** دانانی دادگایەکی تایبەت لە بەغداد بۆ تاوانەکانی ڕژێمی سەددامی لێکەوتوو. 7647

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-09** پێنجەمین دانیشتنی کۆڕی زانستیی زمانی کوردی لەلایەن ئەنیستیتوی کوردستان لە تاران بەسترا. لە کۆبوونەوەکەدا چەندین زانای زمانەوانی بەشداربوون و پەیڕەوی کاری داهاتوویان داڕشت. 7649

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نێت

**2003-05-11** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵی کورد لە ناوچەی شنافیەی نێوان نەجەف و سەماوە لە باشووری ئێراق. ئەم گۆڕە نزیکەی هەزاران تەرمی ئەنفالکراوەکانی تێدایە و زۆربەیان ژن و منداڵن. 7652

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-11** ژێنەڕاڵ مایەرز ڕایگەیاند کە گاردی کۆماریی ئێراقی و پاسەوانی تایبەتیی سوپای ئێراق هەڵدەوەشێنرێتەوە. 7653

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-11** وتەبێژێکی پارتی ڕایگەیاند کە کورد ئامریکییەکان گەیشتوونەتە ڕێکەوتنێکی باش بۆ گەڕانەوەی کوردەکانی کەرکوك و ناوچەکانی تر. 7651

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-11** کۆبوونەوەی مەسعود بارزانی و سەرۆکی سی ئای ئەی لە بەغداد. 7650

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-12** پارتی بنکەی ئیتلائاتی ئێرانی لە شاری دهۆك داخست. 7655

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-12** ڕووداني پشێوییەك لە شارۆچکەی جەلەولا لە نێوان عەرەب و کوردا و بووە هۆی کوژرانی 3 عەرەب و دیلکردنی ژمارەیەکی زۆریان لەلایەن یەکێتییەوە. 7658

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-12** پکك ئامریکای ئاگادارکردەوە کە هێرش نەکاتە سەر هێزەکانی لە باشووری کوردستاندا، سەرچاوەکان ڕادەگەیەنن کە پکك نزیکەی 5 هەزار چەکداری لە باشووری کوردستان هەیە. **7657**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-12** پەرڵەمانی باشووری کوردستان بڕیاریدا ڕۆژی 9ی ئەپریل، ڕۆژی گیرانی بەغداد بکرێتە پشووی فەرمی. **7656**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-12** پەرڵەمانی باشووری کوردستان بڕیاریدا کە هێزەکانی تورك کە ناسراون بە PMF لە کوردستان بچنە دەرەوە. **7654**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-14** حیزبوڵڵای کورد خۆیی هەڵوەشاندەوە. **7662**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-17** ڕوودانی پشێوییەك لە شاری کەرکوك لە نێوان کورد و عەرەبدا و بووە هۆی کوژرانی 10 کەس و برینداربوونی دەیانی تر. **7663**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-18** وەزیری دەرەوەی د.ت عەبدوڵڵا گیول ڕایگەیاند کە تورکیا کونسوڵخانەی خۆی لە هەردوو شاری سلێمانی و هەولێر دەکاتەوە. **7664**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-19** مەسعود بارزانی نامەیەکی ئاڕاستەی دانیشتووانی کەرکوك کرد تاوەکو چیدی پشێوی لە شارەکەدا دروستنەکەن. **7667**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-20** جۆن ساورەزی نوێنەری بەریتانیا لە عێراق ڕایگەیاند کە پێویستە سنووری دەستەڵاتی کوردی فراوانتر بکرێت بەرەو کەرکوك و موسڵ، چونکە ئەو سنوورە، سنوورێکی زۆردارانەیە و سەددام دایناوە. **7666**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-20** دامەزراندنی سەنتەری چاوەدێریی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان. **7673**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2003-05-21** دادگاییکردنی مەروان عوسمان و حەسەن ساڵحی ئەندامانی بیرۆی ڕامیاریی پارتی یەکێتیی کورد لە سووریا لەلایەن د.س بەتاوانی جیاخوازی. **7670**

سەرچاوەی 1: رۆژنامەی عەرەبی: الزمان 22-05-2003

**2003-05-21** جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند: دەزانین شوێنی ساجیدەی ژنی سەددام و هەردوو کچەکەی لە کوێیە و بەهۆی کەسێکەوە پێمانڕاگەیاندوون بێنە کوردستان و ئێمە هەموو ژیانێکی ئاسایشیان بۆ دابین دەکەین. چونکە ئەوانە هیچ پەیوەندییەکیان بە تاوانەکانی سەددامەوە نییە. **7668**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-22** ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەمارۆی ئابووریی لەسەر ئێراق لابرد. **7671**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-23** هەڵوەشاندنەوەی سووپای داگیرکەری ئێراق و دەزگای ئاسایش و هەواڵدەریی سەربازیی سووپای ئێراق لەلایەن ئامریکییەکانەوە. **7674**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-25** هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی شاری کەرکوك, 11 کورد لە 30 کەس بۆ ئەم ئەنجوومەنە هەڵبژێردران و کورد بووە زۆرینە لە ئەنجوومەنەکەدا, هەڵبژاردنەکە بە چاودێریی ئامریکییەکان بوو. **7675**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-28** سەردانی پۆل بریمەری سەرۆکی دەستەڵاتی مەدەنیی هاوپەیمانان بۆ هەولێر. **7677**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-28** پارێزەر عەبدولڕەحمان مستەفا بەزۆرینەی 20 دەنگ بووە پارێزگاری شاری کەرکوك. **7678**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-05-30** دۆزینەوەی گۆڕێکی تری بەکۆمەڵ لە ناوچەی دوبزی کەرکوك، لەم گۆڕەدا نزیکەی 200 منداڵ و 100 ژنی کوردی تێدا نێژراوە و مێژووی گۆڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاتی ئەنفالەکان. **7676**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** ڕێکخراوی چاودێریی وزەی ئەتۆمیی جیهان داوای لە ئێران کرد کە بنکە ئەتۆمییەکانی بپشکنێت, بەڵام ئێران ڕەفزی کرد. **7693**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** تەواوبوونی وێنەگرتنی فیلمی نامۆیی لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند شۆڕش قادر, ئەم فیلمە باس لە کێشەکانی کورد لە هەندەران دەکات و ئەمەش ناوی هەندێك لەو هونەرمەندانەیە کە بەشداربوون: شەماڵی عەبە ڕەش, شادان فوئاد, سەلاح مەجید, ... **7685**

سەرچاوەی 1: هاوڕێنامە

**2003-06-00** ئامریکا داوای لە حسك و بزووتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵەی ئیسلامی کرد کە چەکەکانیان دابنێن, چونکە تەنها یەکێتی و پارتی بۆیان هەیە چەکداربن. **7688**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** ئەم مانگە: دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە نزیك شاری ناسریەی باشووری ئێڕاق کە نزیکەی 1000 ئەنفالکراوی تێدایە. **7689**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** ئەم مانگە: دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە نزیك شاری کەرکوك کە نزیکەی 3000 ئەنفالکراوی تێدایە. **7690**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** ئەم مانگە: ڕوودانی کۆمەڵێك خۆپیشاندانی زۆر لە تاران و شارە گەورەکانی تری ئێران لە دژی ڕژێمی مەلاکان. **7692**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** دەوڵەتی سوید بڕیاریدا 100 هەزار کتێبی منداڵان بە کوردی لە باکوری کوردستاندا بەخۆڕایی دابەشبکات. **7679**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** ئەم مانگە: سوپای ئامریکی لە زاوێتە ڕاهێنان بە چەند دەستەیەکی پێشمەرگە و سەربازی ئێڕاقی دەکات تاوەکو ببنە پێشەنگی دامەزرانەوەی سوپای ئێڕاق. **7694**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** 340 ڕێکخراوی نا حوکومی داوای لە د.ت کرد تاوەکو لێبووردنێك بۆ کورد دەربکات. **7695**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-00** ڕوودانی دوو تەقینەوە لە بۆرییەکانی ناردنەوەی نەوتی ئێڕاقی لە نێوان ئێڕاق و تورکیا لە دوو ڕۆژی جیاوازدا, ئەم تەقینەوانە بووەهۆی دواکەوتنی ناردنەدەرەوەی نەوت. **7691**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-01** خالید عەزیزیی نوێنەری حدکا لە ئامریکا لەگەل دەستەڵاتدارانی ئامریکا کۆبووەوە و لە ئەنجامدا حدکا هاتە سەر ئەو باوەڕەی داوای فیدراڵی بکات بۆ کوردستانی بندەستی ئێران. **7680**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-05** کۆبوونەوەی مەسعود بارزانی و شیعەکانی ئێڕاق لە نەجەف. **7682**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-08** کۆنگرەی پارتی دەهەپ DEHEP لە ئەنکەڕە بە ئامادەبوونی 100 هەزار کەس, لە کۆنگرەکەدا تونجای باکرهان کرایە سەرۆکی نوێی دەهەپ. **7684**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-08** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە لە پارێزگای ئەردەهانی تورکیا، ئەم گۆڕە 300 کورد و ئەرمەنیی تێدایە و مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم. تورك ڕایگەیاند کە ئەم گۆڕە هی ئەو تورکانەیە کە بەدەستی ئەرمەن کوژراون. **7698**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-09** بەبۆنەی 11هەمین ساڵڕۆژی پەرلەمانی کوردستانەوە, پەرلەمان کۆبووەوە و نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی و ئامریکییەکان بانگهێشتن کرابوون. لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەسەر فیدراڵی بۆ کوردستان کرایەوە. **7683**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-10** ئامریکییەکان لە گەڕەکی مەنسووری شاری بەغداد بارەگای پارتییان گرت و هەرچی چەکداری تێدابوو چەکیانکرد, ئەم ڕەفتارەی ئامریکییەکان پارتیی زۆر تووڕەکرد. **7686**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-12** کۆبوونەوەی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و هەردوو مەکتەبی سیاسیی ینك و پارتی لە دوکان و بڕیاری یەکخستنی هەردوو کارگێڕی هەولێر و سلێمانییاندا. **7687**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-14** گیرانی خاتوو گوڵبەهار گوندوزی بەرپرسی ژنانی دەهەپ لەلایەن پۆلیسی تورکەوە، نێوبراو پاشئەوەی دەستدرێژییان کردەسەر و ئەشکەنجەیاندا، ئازادیانکرد. **7696**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-17** گیرانی مریەم ڕەجەوی و 150 ئەندامی تری ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لەلایەن پۆلیسی فەڕەنساوە لە پاریس. **7697**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-20** بەستنی کۆنفڕانسی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمستەردام, ئەم کۆنفڕانسە 2 ڕۆژ دەخایەنێت. **7699**

**2003-06-25** خۆپیشاندانی کوردەکانی شام بەبەشداربوونی 200 منداڵی کورد لەبەردەم بارەگای یونیسێڤ لە شام, لە ئەنجامدا پێکدادانێك لەنێوان پۆلیسی سووری و خۆپیشاندەران ڕوویدا و بووە هۆی برینداربوونی 4 کەس و گیرانی چەند کەسێك. **7701**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-27** عەبدولقادر چاکسۆی وەزیری ناوخۆی تورکیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەییدا, پرۆژەی یاسایەکی ئاشکراکرد سەبارەت بەلێبووردنی هەندێك لە چەکدارەکانی پکك و کەمکردنەوەی سزاکانی سەر هەندێکی تریان, بەرامبەر بە دانەوەی چەکەکانیان. **7702**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-06-28** سەردانی پاوڵ بریمەر بۆ کەرکوك و لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ پارێزگاری کەرکوك بەڵێنی گەڕانەوەی ئاوارە کوردەکانی کەرکوکیدا. **7700**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-00** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ناوچەی عەممارە, ئەم گۆڕە 100 تەرمی کوردی تێدایە و لە ساڵی 1988دا ئەنفال کراون. **7709**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-00** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە ناوچەی حەزەر, ئەم گۆڕە 30 تەرمی خەڵکی ناوچەی سووداشی تێدایە و لە ساڵی 1988دا ئەنفال کراون و زۆربەیان ژن و منداڵن و بەجلی کوردییەوە نێژراون یان زیندەبەچاڵ کراون. **7708**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-00** دۆزینەوەی دیکومێنتێکی موخابەراتی ئێراقی کە بە مێژووی 10-12-1989 لە لکی موخابەراتی کەرکوکەوە نێردراوە بۆ موخابەراتی گشتی لە بەغداد, لەم دیکومێنتەدا ناوی چەندین ئافرەتی کوردی ئەنفالکراو هاتووە کە تەمەنیان لە نێوان 14 تا 29 ساڵدایە و نێردراون بۆ مەلها و نایتکلاپەکانی وڵاتی میسر. **7710**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-00** کۆچی دوایی قسەخۆشی شاری سلێمانی حەسەنی شیرین. **7712**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-01** لە ڕێوڕەسمێکی کوردی و ئامریکیدا, لە شاری هەولێر بناغەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر دانرا. شایانی باسە ئاهەنگی کردنەوەی ئەم بناغەیە بە سروودی ئەی ڕەقیب و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەستی پێکرد. **7703**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-03** له ته‌قینه‌وه‌یه‌کدا له شاری موسڵ په‌یامنێری کوردستانی تی ڤی کوژرا. **7704**

سه‌رچاوه‌ی 1: ته‌واوی که‌ناڵه‌کانی ڕاگه‌یاندن

**2003-07-03** ده‌سته‌ڵاتی مه‌ده‌نی له ئێراق بڕی 25 ملیۆن دۆلاری وه‌ك خه‌ڵات بۆ ئه‌و که‌سه دانا که ده‌بێته هۆی گیران یان کوشتنی سه‌ددام حسێن و هه‌روه‌ها 15 ملیۆن دۆلاریش بۆ گیران یان کوشتنی عوده‌ی و قوسه‌ی. **7705**

سه‌رچاوه‌ی 1: ته‌واوی که‌ناڵه‌کانی ڕاگه‌یاندن

**2003-07-04** چه‌ککردنی باره‌گای به‌ره‌ی تورکمانی له‌شاری سلێمانی, له‌م باره‌گایه‌دا 3 ئه‌فسه‌ر و 8 ده‌ره‌جه‌داری تورکیای تێدابوو و له‌لایه‌ن ئامریکییه‌کانه‌وه گیران. هه‌واڵه‌کان وا ڕاده‌گه‌یه‌نن که ئه‌مانه ویستوویانه پارێزگاری که‌رکوك عه‌بدولڕه‌حمان مسته‌فا تیرۆر بکه‌ن. ئه‌م کاره‌ی ئامریکا بووه هۆی دروستبوونی کێشه‌یه‌کی دیپلۆماسیی گه‌وره له نێوان تورکیا و ئامریکادا. **7706**

سه‌رچاوه‌ی 1: ته‌واوی که‌ناڵه‌کانی ڕاگه‌یاندن

**2003-07-04** تیرۆرکردنی 5 کورد له گه‌ڕه‌کی وسه‌ڵڵای شاری که‌رکوك. **7707**

سه‌رچاوه‌ی 1: ته‌واوی که‌ناڵه‌کانی ڕاگه‌یاندن

**2003-07-10** گیرانی عه‌لی باپیری ئه‌میری کۆمه‌ڵه‌ی ئیسلامی و 13 ئه‌ندامی تری کۆمه‌ڵه له‌لایه‌ن ئامریکییه‌کانه‌وه. **7713**

سه‌رچاوه‌ی 1: ته‌واوی که‌ناڵه‌کانی ڕاگه‌یاندن

**2003-07-13** دامه‌زراندنی ئه‌نجومه‌نی حوکمڕانیی ئێراق، ئه‌م ئه‌نجومه‌نه له 25 که‌س پێکهات و 5یان کوردن. **7711**

سه‌رچاوه‌ی 1: ته‌واوی که‌ناڵه‌کانی ڕاگه‌یاندن

**2003-07-14** له شاری سلێمانی کۆمه‌ڵێك ڕووناکبیر و ڕۆژنامه‌نووس و مامۆستای زانکۆ و پارێزه‌ر و هونه‌رمه‌ند له دانیشتنێکی کراوه‌دا له هۆڵی سلێمانیی سه‌نته‌ری گه‌نجان پرۆژه‌یه‌کیان به‌ناوی به‌ره‌و ڕیفراندۆم بۆ دیاریکردنی چاره‌نووسی گه‌لی کورد خسته‌ڕوو. به‌پێی ئه‌م پرۆژه‌یه ئه‌و ڕیفراندۆمه ده‌بێته هۆی بڕیاردانی چاره‌نووسی خه‌ڵکی کورد و هه‌ڵبژاردنی جۆری حوکم. **7717**

سه‌رچاوه‌ی 1: سه‌رچاوه‌ی تری کوردی: ماڵپه‌ڕی کوردستان نیوز

**2003-07-15** دۆزینه‌وه‌ی 3 گۆڕی به‌کۆمه‌ڵ له ناوچه‌ی ڕیازی باشووری موسڵ, ئه‌م گۆڕانه ته‌رمی 60 کوردی تێدایه و له ساڵی 1991دا به‌فه‌رمانی عه‌لی کیمیاوی گولله‌باران کراون. **7718**

سه‌رچاوه‌ی 1: سه‌رچاوه‌ی تری کوردی: ماڵپه‌ڕی کوردستان نیوز

**2003-07-16** ڕوودانی خۆپیشاندانێك له شارۆچکه‌ی ده‌ربه‌ندیخان، خۆپیشاندانه‌که له‌لایه‌ن ئاسایشی ده‌ربه‌ندیخانه‌وه بڵاوه‌پێکرا و چه‌ند که‌سێکیش گیران. **7720**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-07-16** دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە گوندی حەساری خوارووی کەرکوك, کە تەرمی 200 کوردی تێدایە. ئەمانە ئەوانەن کە لە ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1991دا لەلایەن د.ق دەستگیرکران و لەو گۆڕەدا بە فەرمانی تاوانبار عیززەت ئەلدووری گوللەباران کران. شایانی باسە زۆربەی تەرمەکان بەجلی کوردییەوەن. **7716**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: ماڵپەڕی کوردستان نیوز

**2003-07-17** عەبدوڵڵا ئوجەلان ڕایگەیاند کە ئامادەیە لە تورکیا دووربخرێتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە تورك دیاریی دەکات بەو مەرجەی کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکرێت. **7719**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-07-22** کوژرانی عودەی و قوسەی هەردوو کوڕەکەی سەددام لە شاری موسڵ لەلایەن ئامریکییەکانەوە. **7721**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-00** کۆتایی ئەم مانگە: ڕوودانی چەند پێکدادانێك لەنێوان هێزەکانی پکك و د.ت و بووە هۆی کوژران و بریندارکردنی چەند کەسێك لە هەردوولا. **7730**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-00** ئەم مانگە: ویستی ڕیفراندۆم لەناو ڕووناکبیرانی کوردا بەتەواوەتی بڵاوبووەوە و چەند لیژنەیەك لە سلێمانی و شوێنەکانی تردا بۆ بەرەو ڕیفراندۆم دروستبوو. **7732**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-13** کۆچی دوایی زمانەوان د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی لە بەغداد و پاشان تەرمەکەیان بردەوە بۆ سلێمانی و لەوێ نێژرا. **7746**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-08-19** گیرانی تاوانبار تەها یاسین ڕەمەزان جەزراوی لە شاری موسڵ لەلایەن ینك, پاشان درایە دەست ئامریکییەکان, نێوبراو نایبی سەرۆك کۆماری عێراق بوو و بەڕەگەز کوردە. **7723**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-21** گیرانی تاوانبار عەلی حەسەن مەجید لەلایەن ئامریکییەکانەوە. **7722**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-22** بەهۆی ئاژاوەیەکەوە کە تورکمانەکان لە شارۆچکەی دوز نایانەوە، 5 تورکمان کوژران و بارودۆخی نێوان کورد و تورکمان تێکچوو. **7725**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-22** لەسەر لوتکەی هەڵگورد کورد و ئامریکییەکان ئاڵای کوردستان و ئامریکایان هەڵکرد. **7727**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-23** ڕوودانی پشێویەك لە شاری کەرکوك و بووە هۆی کوژرانی 3 کورد و 3 تورکمان. **7726**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-27** لە پێکدادانێکی نێوان ئەنسارولئیسلام و ئاسایشی سلێمانیدا، یاریدەدەری سەرۆکی ئاسایشی سلێمانی حەمە حسەین و منداڵێکی 5 ساڵە بەناوی محەمەد جەمالەوە کوژرا و لە ئەنسارولئیسلامیش 3 کەس کوژران. **7724**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-08-29** بەهۆی کوژرانی ئایەتوڵڵا محەمەد باقر حەکیمەوە لە نەجەف 3 ڕۆژ پرسەی فەرمی لە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی دانرا. **7731**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-00** ئەم مانگە: ئازادکردنی ناولێنانی کوردی لە منداڵانی کورد لە تورکیا, ناولێنانی کوردی تا پێش ئەم مێژووە لە تورکیادا سزای تایبەتیی هەبوو. **7747**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-00** ئامریکییەکان ئاڵای کوردستانیان لە کەرکوك داگرت, ئەم کارەی ئامریکییەکان بووە هۆی ناڕەزایی زۆرینەی کورد و دڵشادیی تورکمانەکان, پاشان ڕایانگەیاند کە بارەگای لایەنەکان و ماڵە کوردەکان دەتوانن ئاڵای کوردستان بەرزبکەنەوە. **7743**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-01** دابەشکردنی وەزارەتەکانی ئێراق لە ئەنجوومەنی دەستەڵاتدا, چەند پۆستێك درایە کورد, لەوانە وەزارەتی دەرەوە کە درایە هوشیار زێباری. **7733**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-09** لە ڕووداوێکی تیرۆریستیی خۆکوژیدا, کاتژمێر 21.45 بەکاتی باشووری کوردستان, ئوتومبیلێکی مینکراو لەنزیك بارەگای هاوپەیمانان لە گەڕەکی شۆڕشی شاری هەولێر تەقییەوە و بووە هۆی کوژرانی منداڵێکی 4 ساڵی و بریندارکردنی 45 کەس و بریندارکردنی 4 لە هاوپەیمانان و زیانی ماڵیش بە نزیکەی 10 خانوو و 10 ئوتومبیل کەوت. **7735**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-09** هوشیار زێباری وەك وەزیری دەرەوەی ئێراق بەشداریی لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب لە قاهیرە کرد. **7734**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-11** سەردانی پاوڵ بریمەری بەڕێوەری ئامریکا له ئێڕاق بۆ هەولێر و سلێمانی. **7738**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-11** کۆچی دوایی وەزیری دەرەوەی سوید ئەننا لیند بەهۆی هێرشێکی تیرۆریستانەوە, نێوبراو دۆستێکی نزیکی گەلی کورد بوو. **7736**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-12** ئەحمەد چەلەبیی سەرۆکی کاتیی ئەنجوومەنی دەستەڵاتی ئێڕاق له سەردانێکیدا بۆ تورکیا ڕایگەیاند که دژی هەر هێرشێکی تورکه بۆسەر پکك له باشووری کوردستاندا. **7737**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-15** سەردانی کۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوەی ئامریکا بۆ شاری هەڵەبجە. ناوبراو له وتارێکیدا ئەوەی ڕاگەیاند که ڕووداوەکانی ساڵی 1988 چیدی دووباره نابێتەوە. **7739**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-17** هەوڵی کوژرانی میر تەحسین بەگی میری یەزیدییەکان درا, بەڵام بەسووکی بریندار بوو. **7740**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-18** کۆچی دوایی ئەدیب و نووسەر مامۆستا شوکور مستەفا, نێوبراو خاوەن ئەزموونێکی گەورەی ئەدەبی و 40 پەڕتووك بوو. **7741**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-09-23** له کۆبوونەوەی بەرفراوانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا, کوفی ئەنان هەڵەبجەی بەڕووداوێکی ژینۆسایدی گەوره ناوبرد. **7744**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-09-28** سەردانی وەفدێکی کۆنگرێسی ئامریکی بۆ شاری کەرکوك. **7745**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-10-00** ئەم مانگە: بەهۆی ڕێکەوتنی ئامریکا و تورك بۆ ناردنی هەزاران سەربازی تورك بۆ ئێڕاق, ناڕەزاییەکی زۆر له نێو خەڵکی کوردا دروستبوو, هەروەها ئەنجوومەنی دەستەڵاتی ئێڕاقیش بەوە ڕازی نییه که سەربازی تورك بێته ئێڕاقەوە. **7748**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-10-00** بەبۆنەی بڕیاردانی هاتنەناوەوەی سوپای تورك بۆ باشووری کوردستان و ئێڕاق, لە زۆربەی شارەکانی باکووری کوردستان خۆپیشاندان سازکرا. **7751**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-10-10** کۆبوونەوەی بیرۆی رامیاریی هەردوو حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی سۆسیالْ دیموکراتی کوردستان – حسك لە شاری سلێمانی بەمەبەستی یەکگرتنی هەردوو حیزبەکە. **7758**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-10-11** پەرلەمانی باشووری کوردستان بەزۆرینەی دەنگ دژی هاتنەناوەوەی سوپای تورك وەستایەوە. **7750**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-10-14** ڕوودانی تەقینەوەیەك لە باڵوێزخانەی تورك لە بەغداد و بووە هۆی کوژران و برینداربوونی چەند تورکێك. **7749**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-10-26** خوێندکارانی شاری کەرکوك خۆپیشاندانێکیان سازدا بۆئەوەی خوێندن لە کەرکوکدا بکرێتە کوردی. **7753**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-10-28** تیرۆرکردنی ڕۆژنامەوانی کورد ئەحمەد شەوکەت لە شاری موسڵ, نێوبراو سەرنووسەری ڕۆژنامەی عەرەبیی (بلا اتجاه) بوو. **7756**
سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-10-29** ڕوودانی خۆپیشاندانێك لە خانەقین، بۆئەوەی ئەم شارە بە فەرمی بکرێتە شار و بخرێتەوە سەر ناوچە کوردییەکان. **7754**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-11-00** هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد خەڵاتی یەکەمی کۆنفرانسی منداڵانی جیهانی وەرگرت. **7761**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-11-00** هونەرمەند ڕێبوار سەعید خەڵاتی باشترین پرۆژەی هونەریی ساڵی 2003ی بەریتانیای وەرگرت. **7759**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-11-01** جەلال تاڵەبانی بووە سەرۆکی ئەنجوومەنی دەستەڵات لە ئێڕاق. **7755**
سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-11-07** د.ت بەفەرمی دانی بەوەدانا کە سوپای تورک نانێرێت بۆ ئێراق, بەمەش تورک بەرەوڕووی دۆڕانێکی سیاسیی گەورە بووەوە لەگەڵ کوردا. **7757**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-11-15** جەلال تاڵەبانی لەگەڵ پۆڵ بریمەردا ئیمزای فیدراڵیی پارێزگاکانی لە ئێراقدا کرد. **7779**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-11-20** تەقینەوەی ئوتومبیلێك لەبەردەم بارەگای یەکێتی لە کەرکوك, ئەم هێرشە خۆکوژی بوو و بووە هۆی کوژرانی 4 کەس و بریندارکردنی 33ی تر. **7763**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-11-27** چوونی سەرۆکی ئامریکا جۆرج بوش بۆ بەغدا و لەوێ جەلال تاڵەبانی چاوی پێی کەوت. **7766**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-06** سەردانی وەزیری بەرگریی ئامریکی رامسفیلد بۆ کەرکوك و لەگەڵ پارێزگاری کەرکوکدا کۆبووەوە. **7764**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-06** بەستنی 4هەمین کۆنگرەی حیزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان – حسك لە سلێمانی. **7765**

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-12-07** نیشتنەوەی یەکەمین فڕۆکەی سیڤیل لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر. **7767**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-13** هێزەکانی ئامریکا بە یارمەتیی هێزە ئێڕاقییەکان سەددام حسەینیان لە گوندێکی نزیکی شاری تکریت دەستگیرکرد. ئەم هەواڵە تا ڕۆژی سبەینێ بڵاونەکرایەوە. ئەو پڕۆسە سەربازییەی کە سەددامی پێگیرا ناوی بەیانی سوور بوو. **7769**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-14** سەرچاوەکان واڕادەگەیەنن کە گرتنی سەددام بەیارمەتیی هێزەکانی یەکێتی بووە. **7770**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-14** باڵوێزی ئامریکا لە ئێڕاق پۆل بریمەر ڕایگەیاند: دوێنێ 13-12-2003 هێزەکانی ئامریکا بە یارمەتیی هێزە ئێڕاقییەکان سەددام حسەینیان لە گوندێکی نزیکی شاری تکریت دەستگیرکرد. ئەم هەواڵە بووە هۆی دڵخۆشیی خەڵکی کورد لە کوردستان و جەماوەر بەم بۆنەیەوە ڕژایە سەر جادەکان و ئاهەنگیان گێڕا. **7768**

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-18** مەسعود بارزانی لە ڕۆژنامەی خەباتدا وتارێکی بڵاوکردەوە و تێیدا ناڕەحەتتی خۆیی بەرامبەر پاشەڕۆژی کورد و فیدراڵی لە عێراقدا دەربڕی. 7775

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-22** ڕوودانی خۆپیشاندانێکی گەورە لە شاری کەرکوك بۆ گێڕانەوەی ئەم شارە بۆ نێو سنووری کوردستان، خۆپیشاندانەکە دەیان هەزاران کورد بەشداریی تێداکرد. 7771

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-22** بەهۆی هەڵبژاردنی ڕێکخراوەکانی خوێندکارانەوە، دووبەرەکییەکی ڕاگەیاندن لەنێوان پارتی و یەکێتیدا بەرپابوو. 7772

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-12-22** تیرۆریستان هێرشێکیان کردە سەر ئۆردوگای ئەلتاشی ڕوومادی و ئەم هێرشە بووە هۆی کوژرانی 4 کوردی خۆرهەڵات و برینداربوونی زۆرتر لە 10ی تر. 7774

سەرچاوەی 1: سەرچاوەی تری کوردی: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی

**2003-12-24** تەقینەوەی ئۆتومبیلێکی مینکراو لە شاری هەولێر کە بووە هۆی کوژران و بریندارکردنی دەیان کەس. 7777

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

**2003-12-25** کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای ریفراندۆم لە هەولێر بە ئامادەبوونی لیژنەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان و حاکمی رامیاریی ئامریکا لە باشووری کوردستان. 7786

**2003-12-31** تورکمان و عەرەب لەژێر دروشمی "لا ئیلاهە ئیللەڵڵا کوردستان عەدووڵڵا" خۆپیشاندانێکی بێ مۆڵەتیان سازکرد و تەقەیان لە بارەگای یەکێتی کرد, لە ئەنجامدا چەکدارەکانی یەکێتی لێیان هاتنەدەست و چەند کەسێك لە هەردوولا کوژران و بریندابوون. بەم کارەی تورکمان و عەرەب ئاساییشی شاری کەرکوك بەتەواوەتی تێکچوو و کەرکوك لە بارێکی نائاساییشدا پێشوازیی سەری ساڵی نوێی کرد. 7778

سەرچاوەی 1: تەواوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن